# ئاسۆی ڕۆژهەڵات

دووهەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمەڵە دەریدەکات

ژمارە (51) سێ شەممە 10\9\1388 | 1/12/2009 | NO:( 51) tus


## لە ساڵوەگەڕی ١٦ی سەرماوەزدا




بە بۆنەی هاتنی ساڵوەگەری ١٦ی سەرماوەزەوە ، ستافی ئاسۆی ڕۆژهەڵات بەگەرمی پیرۆزبایی لە خوێندکارانی ئازادیخواز بە گشتی و خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران بە تایبەتی دەکات، بەو هیوایەی لە ساڵوەگەری ڕۆژی خوێندکاری ئەمساڵدا, جارێکی دی ئەمرۆژە ببێتەوە بە ڕەمزی یەکگرتوویی و هاوخەباتی خوێندکارانی نەتەوەجۆراوجۆرەکانی ئێران و جارێکیتر زانستگا ببێتەوە بە سەنگەری ئازادیخوازی لە ئێران و کوردستاندا. سەرکەوێ خەباتی پێشکەوتنخوازانەی بزووتنەوەی خوێندکارانی ئازادیخواز.

ستافی ئاسۆی ڕۆژهەڵات



9 ژنان




7 وتووێژ




6 ئەدەب و هونەر



8 خوێندنەوە



11 ئابووری



5 سیاست

# مافیای سپای پاسداران، هێزی سەرەکی ناو دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران

**ئاسۆی ڕۆژهەڵات**/ لە سەردەمی دەسەلاتداری ئەحمەدینژاد لە پێکهاتە سیاسی ئێراندا، سپای پاسداران وەك هێزێکی سەرەکی کە پێشووتر لە بواری نیزامی و ئەمنییەتییەوە، بەشێك لە دەسەلات و کۆنترۆڵی ئۆرگانەکانی تایبەت بەخۆ بە دەستەوە بوو، زیاتر پەلی هاویشتووەتە ناو دوو بواری سەرەکی دەسەلاتداری سیاسی و و ئابووری ناو گشتییەتی دەسەلاتی ئێرانەوە. سپای پاسداران لە مانگەکانی رابردوودا هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەورێکی سەرەکی لە مۆنۆپۆلکردنی کورسییەکانی دەسەلات لە وەزارەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژادەوە بگرە هەتا پارلەمانی ئیسلامی ئێران و پارێزگاکان و پۆستەکانی دیکەی ئیدارەی کۆمەڵگای ئێرانیان بەدەستەوە گرتووە چالاکی و مۆنۆپۆلکردنی پرۆژە گەورە ئابوررییەکانی وەك پیشەسازی پێترۆشیمی باشوری ئێران، ئیسکلەی بەندەرگا گرنگەکانی ئاوەکانی ئێران، ماشێن سازی سایپا، ٥١ لەسەدی سەهامی موخابەراتی ئێران، سەرمایەگوزاری لە کۆمپانیە گەورە ئابوورییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ئێران و دەیان پرۆژەی گەورەی ئابووری تەنانەت ناو وەزارەتی نەوتی دەوڵەتیان بە تەواوی قۆرغ کردووە. جگە لەمانە سپای پاسداران بە پشتیوانی خامنەیی و ئەحمەدینژاد و بە هێزکردنی هێزی بەسیجی گشتی، ڕۆڵی سەرەکی بووە لە سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندانی کردن و کوشتنی لاوان و باقی بەرهەڵستکارانی ئازادیخواز لە ناو بزووتنەوەی ئیعترازی چەند مانگی رابردوودا.

لە بۆنەکانی وەك ڕۆژی قودس و ١٣ی خەزەلوەر و ئێستاش ١٦ی سەرماوەز کە ڕۆژی خوێندکارە، فەرماندە نیزامییەکانی سپای پاسداران وەك «محەمەد عەلی جەعفەری» و «نەقدی»



بەردەوام و ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە هەڕەشەیان لە خەڵکی ئێران کردووە کە نابێت بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان بێنە سەرشەقامەکان، دەنا ڕووبەڕوی داپلۆسین دەبنەوە و ڕاپێچی زیندان دەکرێن. مافیای سپای پاسداران گەورەترین بەشی دەسەڵاتی ئێستای ئێرانی قۆرغ کردووەو لە نوێترین پرۆژەدا کە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ٢٠ میلیۆن دۆلاری بۆ شەڕی نەرم(چالاکی کولتوری و سیاسی) بۆ ئەم هێزە و وەزارەتی ئیتلاعات پەسند و تەرخان کردووە، بڕیار وایە بۆ بەتاڵ کردنەوەی بەناو پرۆژەکانی ئامریکا و ئیسرائیل لە بواری شەڕی نەرمدا دژی ئێران چالاکی نوێ دەست پێ بکەن. شایانی باسە کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی سپای پاسدارانیان وەك هێزێکی تێرۆریستی ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی ناساندووە.

## ناڕەزایەتی کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە کرێکاریەکان



ڕۆژی٣یسەرماەزی ١٣٨٨ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٤ی نۆڤامبری ٢٠٠٩ کۆمەڵا لە ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ئێران لەتوێی ڕاگەیاندنێکدا لەژێر ناوی(( بزووتنەوەی کرێکاری بەهەڕەشەو تۆقاندن لە درێژەدان بە خەبات ڕاناوەستێ)) دەنگی نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بە بانگهێشتو دادگایی کردنی کرێکاران دەربڕی.

ئەم ڕاگەیاندنە بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بەو گرتنو دەسبەسەر کردنانەی دەرکراوە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بەدژی کرێکاران کراوە. وەك لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتوە کرێکارانی ناوبراو لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە بە تۆمەتی بەشداری کردن لە ١ی مانگی مەی ٢٠٠٩ کە ڕێوڕەسمێکی جیهانییە، بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتو ١٥٠کەسیش دەسبەسەر کراوەن.

## برای گەورە و بەڕێز جەنابی مام جەلال تاڵەبانی



وێڕای گەرمترین سڵاو و ڕێز.

هەوڵی دڵسۆزانە وهەنگاوی سەرکەوتووانەی جەنابتان لە پێناو پێهەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی شێرکۆ مەعارفی و حەبیبوڵلا لەتیفی، دوکەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەپۆلێکی لە شایی و خۆشی هێناوەتە ناو بنەماڵەی ئەو بەندکراوە و بەگشتی خەڵکی کوردستانی ئێران. ئەو هەوڵە مرۆڤدۆستانە و کوردپەروەرانەیە جارێکی دیکەش پەرۆشی و دڵسۆزی دێرینی جەنابتانی لەحاست گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نیشان دایەوە.

بەو بۆنەیەوە گەرمترین سپاس و پێزانینی خۆم و هەموو سەرکردایەتی و ڕیزەکانی کۆمەڵە پێشکەش بە جەنابتان دەکەم و سەلامەتی و تەمەندرێژیتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

لەگەڵ ڕێزی دووبارەمدا، عەبدوڵڵای موهتەدی

٢٤ی نۆڤامبری ٢٠٠٩

## سەروتار

## بزووتنەوەی کوردستان لە بەردەم ئەزموونێکی دیکەی سیاسیدا

**سالار پاشایی**

پێگەیشتنی نەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی ستەمدیتوو و بێ ماف، پێویستی بە گەلێك فاکتەری دیاریکراوی سیاسی هەیە. گەشەی خۆوشیاری سیاسی و نەتەوەیی، لەدایك بوونی گوتاری شوناسخوازانەی مودێرن، دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی مێژوویی و پارامێترە کولتورییەکان و هتد، لە زومرەی ئەو فاکتەرە پێویستانەن لەم بوارەدا. چەندە ئەم فاکتەرانە لە هەلومەرجی جیاوازی زەمەنی و شوێن، هاوکات لەگەڵ قوستنەوەی دەرفەتە گونجاوەکان بە یارمەتی یەك بخەملێن، ئەوە پرۆسەی بە نەتەوەبوون و سەربەستی نەتەوەو گەلێك، بە شێوەیەکی خێراتر بەسەرەنجام دەگات. گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات لەبەردەم پروسەو ئەزموونێکی دیکەی سیاسیدایە. دوو ئاسۆگەو ڕێچکەی هاوتەریب لەخزمەت چارەنووسێکی دیاریکراوی سیاسی و لە پێناو ڕزگاری یەکجاریدا لە ئارادایە: یەکەم پرۆسەی بەنەتەوە بوونی تەواو و کەماڵی گەلی کورد و، دووهەم: دینامیك بوونی سیاسی لە هەلومەرجی سیاسی و ئاڵۆزی ئێستای ئێراندا و لەناو سەرجەم بزاڤە دینامیکەکانی دیکە کە ماوەی چەند مانگێکە لە هەیبەتی بزوتنەیەکی گشتی ئازادیخوازانەدا، بەرهەڵستی دەسەلاتی ناوەندیی زاڵ بۆتەوە.

بێ شك ڕۆچوون بە ڕەهەندە جیاوازاەکانی ئەم دوو ئاسۆگەیە، هەڵگری گەلێك باسی تێروتەسەلە کە لە توانای ئەم کورتە نوسینەدا نییە، لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕێچکەی یەکەم بە ئەزموونی مێژوویی و سیاسی و فاکتەرە دیاریکراەکانی خۆی وئاستێکی بەرزتر لە خۆوشیاری سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەلات، لە برینی ڕێگەی خۆی بەردەوامەو بێگومان پێویستیەکانی ئەم پرۆسەیەش، بە پێداچوونەوەی ڕێچکەی دووهەم و دیاریکردنی ئەرکە سیاسییەکانی ئەم دەورەیە، دەتوانێ بەهێزتر و هاوئاهەنگتر ببێت. ئەم وردبوونەوەیش، دەبێ لە هەناوی ستراتیژ و تاکتیکی دیاریکراوی بزووتنەوەکە کە وەك یەکێك لە ئەکتەرانی سەرەکی بزاوتی ئازادیخوازانە لە هەموو ئێران سەیر دەکرێت، هەڵێنجرێت. پاژەکانی گشتییەتی ستراتێژێکی نەتەوەیی ئاوایش بۆ گەلی کورد، بە گشتی دەبێ هەڵقولاوی هاودەنگی هێزە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆنی کورد لەگەڵ جەماوەری گەلی کورد بێت لەم قۆناغە هەستیارەدا. بێشك پێویستە خاڵی دەسپێکی ڕەهەند و پێویستیەکانی ئەم پرسەیش پێش هەموو شتێك دیاری بکرێت.

ئەزمووونی سیاسی بزاوتی ڕزگاریخوازنەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات، لە برگە جیاوازە مێژووییەکانی مێژووی هاوچەرخدا، ئەوەی لێی ماوەتەوە بۆ جیلی نوێ، میراتی ئەم سەدە پڕهەوراز و نشێوەیە کە لە ژێر چەپۆکی دیکتاتۆری و سەرەرۆییدا، سەرەڕای قەڵت وبڕ و داپڵۆسینی تێکۆشەرانی سیاسی و خەڵکی بێ تاوان، هەنگاوە بریندار و خوێناوییەکانی خۆی بەرەو پێش پاڵدەنێت. ئاوات و خواستە سەرکوتکراو و پۆنگ خواردووەکانی ئەم گەلەو خولیای گەیشتن بە ڕزگاری یەکجاری، هێشتاو ئەگەرچی سنوری بێ هیوایی و هیواداری بۆ خەڵکێکی ڕەنجدیتووڕۆژانە یەك دەبەزێنن، هەر لە کەف و کوڵی خۆیدایە. کوردستان هەمیشە هەڵگری فازێکی جیاوازی سیاسی لە ئاست باقی بزاوتەکانی دیکەی ناوخۆی ئێران بووە، ئەوەندەی شوناسخوازی و هەستی نەتەوەیی لە نێو بزوتنەوەی کوردستان لە دیالێکتیکی «حاشالێکردن» و «بەرگری» دولایەنە و مێژویی دیکتاتۆرییەکان و خەباتی گەلی کورد سەرچاوەی گرتووە،

ل٣